کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-5-2007 23:46

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی هێز و لایەنە کورد و کوردستانییەکان سەبارەت بە تاوانی تیرۆریستیی لە هەولێر

سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە 2007/5/9، ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری TNT ڕێژ کراو، لە بەردەم وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی کوردستان لە هەولێر، تەقێندرایەوە و مخابن بووە هۆی شەهید و بریندار بوونی دەیان هاوولاتی سڤیل و کەوتنەوەی خەسارەتی مادی لە هاوولاتیان و ژمارەیەک دامودەزگای حکومیی.

ئەم تاوانە تیرۆریستییە لە هەر لایەکەوە ڕێکخرابێ و هەر ئامانجێکی دیاریکراو لە پشتەوە بێ، ئاڵقەیەکە لەو زنجیرە پیلان و گوشارانەی لە لایان دوژمنانی ئازادیی کورد و کوردستانەوە بۆ تێکدانی باری ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان و لەبار بردنی ڕەوتی گەشەی سیاسیی، ئابوری و دیپلۆماسیی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، لە ئارادایە.

هەرچەندە بەم جۆرە تاوانانە، خوێنی ژمارەیەک لە کوردستانییەکان دەڕژێ و ئاسایشی هاوولاتیان بۆ ماوەیەکی کاتی دەشێوێ، بەڵام ئیرادەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەڕەشە و تیرۆر و تۆقاندنی تیرۆریستان و تیرۆریستپەروەران بە هێزترە.

ئاماژەکان وایدەردەخەن کە لەگەڵ نزیک بوونەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی جێبەجێ بوونی مادەی 140 ی دەستوری عێراق، پیلان و دەستێوەردانەکانی دوژمنانی کورد و نەیارانی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق و کوردستان، زیاتر پەرەدەستێنێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە مادەی 140 بابەتێکی یاسایی دەستوری عێراقە و کوردستانییەکان سوورن لەسەر جێبەجێکرانی ئەم مادەیە و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانیی لە ئیرادەی ڕەوای خوشک و براکانیان و بڕیاری دامەزراوە سیاسییە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئێمە نوێنەرانی ئەو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانیانەی خوارەوە کە ئەم ڕاگەیەندراوەمان ئیمزا کردووە، وێڕای مەحکومکردنی ئەو تاوانە تیرۆریستییە و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی شەهید و بریندارەکانی ئەم ڕووداوە، داوا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکێتی ئوروپا و کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هەموو دیمۆکرات و ئازادیخوازەکانی جیهان دەکەین، بۆ کورت کردنەوەی دەستێوەردانە هەرێمییەکان لە کاروباری کوردستان و بەرەنگار بوونەوەی تیرۆریستان، هاوکاریی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بکەن بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140. هەر لەو کاتەشدا داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییە هەنگاوەکانی خێراتر بکا.

1- حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
2- پارتی سوسیالیستی کوردستان PSK
3- پارتی دیمۆکراتی کوردستانی باکور - PDK
4- پارتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا - الپارتی
5- پارتی پێشڤەڕۆی دیمۆکراتی کورد لە سوریا
6- پارتی یەکێتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا
7- پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان PWD
8- پارتی ئازادی کورد لە سوریا
9- پارتی یەکێتی کورد لە سوریا
10- ڕێکەفتنی دیمۆکراتی کورد لە سوریا - وفاق
11- پارتی ئازادیی کوردستان PAK

10-05-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.